# گەنج و خۆشەویستی

حاجی کاروان



ناوی کتێب: گەنج و خۆشەویستی (حاجی کاروان)
ئامادەکردنی: هەورامان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن: 441 ی ساڵی 2007 ی پێدراوە
تیراژ: 1000 دانە

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم ژیانە خۆشی و ناخۆشی تێدایە، وە بۆ ئەوەی خۆمان نەبینە هۆکاری دروست بوونی ناخۆشیەکان، وە بۆ ئەوەی ئەو ماڵەی کەلەم دنیایەدا تێیدا دەژین بیکەینە لانکەی خۆشەویستی و بەختەوەری وە واتاکانی خۆشەویستی لە ژیانماندا ڕەنگ بداتەوە، وە لەکاتی نەمانی ئێمەشدا بەخۆشەویستی باسمان

بکرێت، وە بەخۆشەویستییەوە بچینەوە بەردەستی پەروەردگار، چونکە بەدەستهێنانی خۆشەویستی سەرمایەیەکی زۆر گەورەو گرنگە بۆ مرۆڤەکان.

ئەم باسە زۆر گرنگەو پەیوەستە بەهەموومانەوە کە دەمانەوێت پەیوەندی دروست بکەین لەگەڵ کەسانێکی تر، وە پیتی (خ )ی خۆم کە بەو پیتە دەست پێدەکات لەگەڵ چەند (خ )اێکدا پەیوەست بکەم ئەوانیش: (خوا، خاك، خەڵك، خۆشەویستی)، واتە هەموو ئەو پەیوەندییانە دەبێت لەسەر بنچینەی ژیری و خۆشەویستی دروست بێت، وە هەر پەیوەندی و پرۆژەیەك بە ژیری و خۆشەویستی بنیات نرابێت سەرکەوتوو دەبێت.

ئاشکرایە ئەم ژیانە ژیانێکی کورتە، ئەگەر بەخۆشەویستی خواو خەڵك و دەوروبەر نەیڕازێنیتەوە ئەوە ژیانێکی جوان و واتادار دروست نابێت، وەکو هەندێك لە زانایان وتەیەکی جوانیان هەیە کە دەڵێن: ئەم ژیانە ئەوەندە کورتە فریای ئەوە ناکەوین کە هەموو خۆشەویستی دەربڕین بۆ دەوروبەرمان، وە ئەوەندە کورتە ژیانی دنیا جێگای ڕق و کینەی تێدا نابێتەوە. چونکە وەکو دەبینین، دایك و باوك و خوشك و براو هاوسەرو منداڵ و کەسانی تر خۆشەویستن، بە ژیانی کورتی دنیاش ناتوانرێت مافی تەواوی ئەو خۆشەویستانە بدرێت، کەواتە ڕق جێگەو ماوەی نامێنێت.

کەواتە باسی خۆشەویستی زۆر لەوە گەورە ترە بچووکی بکەیتەوە بۆ تەنها دڵداری لە نێوان کوڕێك و کچێکدا، چونکە ئەگەر بەو جۆرە پێناسە بکرێت ئەوە ستەمێکی گەورەمان کردووە لە واتای خۆشەویستی، کە

بەداخەوە ئێستا وشەی خۆشەویستی بەکار دەهێنرێت بۆ هەندێك مەرامی تایبەتی و نادروست کە خۆی لە شەهوەتبازی و ئاکاری نادروستدا دەبینێتەوە.

ئێمە وەکو موسڵمان کە خاوەنی پەیامێکی نەمرین، کە ئەو پەیامە بۆ ئەوەیە کە بونیاتی ژیانێکی نموونەیی مرڤدۆستانە بەدەست بهێنین، هەر لەو پەیامەدا بە گرنگی باس لە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات لەسەر بنچینەی خۆشەویستی.

ئاشکرایە کە ناسکترین و جوانترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤ قۆناغی گەنجییە، وە گرنگترین پرۆژەی ئەو قۆناغەش دروستکردنی خێزانە، ئەم پرۆژەیەش هێندەی گرنگی خۆی پێویستی بە خۆشەویستی هەیە، چونکە سەرەتای دروست بوونی هەر خێزانێك بە خۆشەویستی دەبێت، ئەوەتا خوای گەورە لەباسی دروست بوونی خێزاندا دەفەرموێت:﴿وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجاً لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ﴾الروم/21.

خوای گەورە دوو نیعمەتی خستۆتە نێوان پرۆسەی هاوسەرگیری کە خۆشەویستی و سۆز و بەزەییە، لێرەدا پەروەدگار خۆشەویستی پێش خستووە، هەتاوەکو وشەی (مەوەدە) لە (مەحەبە) گەورەترە، بۆ ئەوەی کەسانێك لە خۆوە ئەو قسەیە نەکەن کە لە ئیسلامدا خۆشەویستی نییە و ئاینێکی توندو وشکە، ناگونجێت خوایەك بەو گەورەییە خۆیەوە باسی خۆشەویستی بکات و قەدەغەشی کردبێت و کەس بۆی نەبێت بیری لێ بکاتەوە! ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً

وَرَحْمَةً﴾، وەکو وتمان (مەوەدە) زۆر لەخۆشەویستیش گەورەترە، چونکە سۆزو بەزەیی لەدوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێت و خۆشەویستی پێشی دەکەوێت، وەکو دەبینین کەسی واهەیە چەندین کەسی تریان بۆ دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری ژیانی، کەچی دڵی بۆ کەسیان ناچێت، کەچی لەناکاودا دڵی لەسەر یەکێك جێگیر دەبێت، ئەوە واتای سەرەتای خۆشەویستی نێوان ئەو دوو هاوسەرەیە، وە لەو خۆشەویستی و سۆزەوە ژیان ڕێك دەبێت، چونکە ئەگەر دەست بە پەیامی خواوە نەبێت ناچار لەو واتا جوانانەی خۆشەویستی دوور دەکەوینەوە پەیوەست دەبین بە ڕێگاکانی نادروست و شەهەوات بۆ پەیوەندی دروست کردن، شەهەوات و ئارەزووبازیش سنوور نازانێت، هەرکاتێك ئارەزووبازی کۆنترۆڵی کەسێکی کرد، ئیتر ئەو کەسە لە ژێر ڕکێفی ژیری دەچێتە دەرەوە، ئیتر تەنها لایەنی عاتیفە کۆنترۆڵی دەکات.

کەواتە پەروەردگار بە سێ قۆناغ ئاراستەی حەزەکانی تۆ دەکات، ئەویش ڕێکخستن، پاشان پاك ڕاگرتن، دواتر ئاراستەکردن، واتە بەجۆرێك ڕێکی دەخات کە دووچاری هەڵە نەبین، نەك حەزێك کە کوڕێك یان کچێك حەز لەیەکتر دەکەن بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك و هەندێك پێك گەیشتن دروست دەکەن و دواتر لەیەك جیا دەبنەوە! چونکە ژیری تێکەڵی ئەو پەیوەندیە نەبووە تەنها لەڕووی عاتفی‌یەوە بووە، تەماشا بکەن کەسێك کە دەچێت کراسێك دەکڕێت لە دوکانێك، کابرای دوکاندار ژمارەیەکی زۆر کراس دەهێنێتە بەردەمی ئەو

كڕیارە، كڕیارەكەش هیچی بەدڵ نابێت، خۆ ئەگەر بەنابەدڵی كراسێكی هەڵگرت هەوڵ دەدات لەناوی ببات، چونكە بیری لێ كردۆتەوەو بەدڵی نەبووە، ئەی باشە بۆ كراسێك بەو جۆرە بێت، ئەی بۆ هاوسەری ژیانت چۆن دەبیت، بۆچی هەندێك جار كەسێك بە ڕێكەوت و بەسووكی و بۆ ئارەزووی خۆی لەدەرگای دڵت دەدات یەكسەر تەسلیم دەبیت؟! بەبێ ئەوەی بیری لێ بكەیتەوە، ئەمە ئەو حاڵەتەیە كە حەزێكی نارێك هەیە لەو كەسەداو كەسێكی پەیامدار نییەو تۆ هان دەدات بۆ دروستكردنی پەیوەندیەك كە بووە بە دیاردەیەك و ناونراوە بە دڵداری پێش هاوسەرگیری.

وەكو وتمان دروست كردنی خێزان یەكێك لە هەرە پڕۆژە جوانەكانی ژیان، چونكە بەبێ هاوسەرداری ژیان هیچ واتایەكی نابێت، تەماشای ئەو كەسانە بكەن كە نایانەوێت هاوسەرگیری بكەن كە چەندە بەكەم تەماشا دەكرێن و هەزارو یەك گومانیان لەسەر دروست دەبێت، ژیان كەی چێژی تێدا دەبێت كە كەسێك بەتەنها دەژی و نە دەزانی خۆشی منداڵ چۆنەو نەدەزانی خۆشی هاوسەرداری چۆنە؟! بۆیە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت: هاوسەرداری نیوەی ئیمانە.

تەماشا بكەن كاتێك خوای گەورە حەزرەتی ئادەمی دروستكرد سڵاوی خوای لەسەربێت، حەزرەتی ئادەم هەستی بە بۆشاییەك كرد لە ژیانی خۆیدا، چونكە تا ئەو كاتە حەوا دروست نەبوبوو، كاتێك ئادەم خەوی لێ دەكەوێت خوای گەورە حەزرەتی حەوای لای پەراسووی دڵی دروست كرد، كە دڵ خۆی بۆ خۆی كانگای

خۆشەویستی و سۆزداریە، خۆ پەراسووی لای ڕاستیش هەروایە، بەلاَم لای چەپی کە نزیکی دڵە حەوای دروست کرد، کاتێك ئادەم خەبەری دەبێتەوە پرسیاری لێ دەکات تۆ کێیت؟ ئەویش دەڵێت من حەوام، ئەی بۆ هاتوویت؟ حەوا دەڵێت: بۆ سوکنایی تۆ، وە بۆ ئارامی ئاسوودەیی بۆ یەکتری.

ئایا دروستکردنی خێزان کە پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و پیرۆزە کە نەك تەنها پەیوەندی بە چارەنووسی خۆتەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە چارەنووسی کەسانی دیکەوە دەبێت، تۆ سبەی دەبیت بە باوك و بەدایك، دەبیتە خزم و نزیکی کەسانی تر، تۆ ناوت دەمێنێتەوەو کەسانی تر شانازی بە تۆوە دەکەن، کەواتە بۆ دروست کردنی خێزان دەبێت هاوسەر هەڵبژێریت، وە بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر دوو ڕێگامان هەیە:

ڕێگای یەکەم:

ڕێگایەکی دروست و شەرعی کە سێ قۆناغە، ئەویش سەرەتا بینین کە حەلاڵەو هیچ گرفتێکی تێدا نییە، لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئەگەر گەنجێك بیویستایە کەسێك بکاتە هاوسەری خۆی، فەرمانی پێ دەکرا کە بچێت بیبینێت، تەنانەت جاری وا هەبووە دووجار و زیاتر چووە بۆ بینینی ئەو کەسە، بەڕاستی ئەم پەیامە زۆر پیرۆزە کە نایەوێت مرۆڤەکان ئەزیەت بخۆن، وە بۆ ئەوەی لەژیانیدا دووچاری خەم و خەفەت نەیەیت، بۆ ئەوەی سەربەز بیت لەناو کۆمەڵگەدا.

ئەگەر تۆ بوویت بە باوك یان بەدایك و منداڵێكتان بوو، ئەم منداڵە پرسیارت لێ دەكات و دەڵێت بابە تۆ دایكمت چۆن هێنا؟! دیارە پرسیارەكە هەروا ئاسان نابێت، باوكەكە نازانێت بڵێت چی، ئایا دڵداری و ئەوشتانە هەبووە لەنێوانیاندا ئەوە بۆ منداڵەكە باش نابێت، ئەگەر باسی نامەو كورتە نامەو مۆبایل و چادی بۆ دەكەیت منداڵەكەش فێر دەبێت، وە ئەگەر لەدایكی ببپرسێت چۆن شووت كردە باوكم؟! دایكەكە ئەگەر بەوشێوە بێت ئەویش لەڕووی نایەت، تەماشا بكەن هەر سەرەتا ئەم ئایینە دەیەوێت تۆ بپارێزێت تەنانەت بۆ پرسیاری پاشەڕۆژی منداڵكەشت، تۆ ئەگەر لەڕووی شەرعی خواوە هاوسەرگیریت ئەنجام دابێت ئەو كاتە بەسەربەرزیەوە دەتوانیت وەڵامی پرسیارەكانی منداڵەكانیشت

بدەیتەوە ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾المنافقون/8، هەركەسێك بیەوێت سەربەز بێت لەلای هەموو كەس، سەربەز بێت لەناوماڵی خۆی لەناو دڵی خەڵكی، بەسەربەرزی بژی و بەسەربەرزی بە جلی بوكێنی خۆیەوە بچێتە ماڵی هاوسەری خۆی نەك ئەو ڕۆژەی بەبوكی دەیبەن ببێتە مایەی گرفت و بێ تاقەتی و زەلیلی ماڵی باوانی، ئەوە ئەو سەرفرازیەی بۆ خواو پێغەمبەرو ئیماندارانە، ئەو ئیماندارانەی كە پارێزگاری لە ئایینی خوا دەكەن و فەرمانبەرداری فەرمانەكانی پەروەردگار دەبن، كەواتە مەبەستمان لەو ناسینەیە كە باسمان كرد، تۆ ئەگەر یەكێك نەناسیت چۆن دەیهێنیت و دەیكەیتە هاوسەری خۆت؟ بەڵام ناسین ئەویش مەرجی خۆی هەیە، هەندێك كەس هەیە بەبیانووی

ناسینەوە دەچێت دەست دەکات بەدڵداری و کاری نادروست، زۆر جارانیش چونکە مەبەستی پاك نەبووە، ماوەیەکی زۆرتر بەو بیانووەوە کە بۆ ئەوەی باشتر لەیەکتر شارەزا بن و چاك یەکتری هەڵسەنگێنن بەسەر دەبات و بەیەك دەگەن، کە ئەمە سەر دەکێشێت بۆ پیاسەو گەڕانی بێ سنوور و دەرچوون و زۆر شتی تر بۆ ئەئەوەی بزانێت گۆشتت کاڵە یان تاڵە؟!!.

ئەم ئایینە پاکە فەرمانمان پێ دەکات کە کچ و کوڕ یەکتر بناسن پێش هاوسەرگیری بەڵام ئەویش ڕێکخستنی بۆ داناوە وەکو باسمان کرد.

دوای بینین، قسەکردن هەیە لەگەڵ ڕێککەوتن و هاوسەرگیری کە کۆتا شتە، قسەکردنەکەش ڕێگە پێدراوە بەڵام وەکو ئەوەی کە فەرمانمان پێکراوە: ﴿وَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُم بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاء أَوْ أَكْنَنتُمْ فِي أَنفُسِكُمْ عَلِمَ اللّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَـكِن لاَّ تُوَاعِدُوهُنَّ سِرّاً إِلاَّ أَن تَقُولُواْ قَوْلاً مَّعْرُوفاً وَلاَ تَعْزِمُواْ عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىَ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ﴾البقرة/235.

زانایان دەفەرموون کە (قَوْلاً مَّعْرُوفاً) مەبەست هاوسەرگیرییە، بەڵام نەك ماوەیەك بەبیانووی قسەی خۆش و باش بەسەر بەرن، یان نامەیەکی جوانی بۆ بنێریت و ئەویش نامەیەکی جوانت بۆ بنێرێت، هیچ کامیشیان مەبەستیان هاوسەرگیری نەبێت، ئەوە نابێت خوای گەورە تەنها بەنییەتی زەواج ڕێگەی بەو جۆرە قسەکردنە داوە، کەسانێك هەن دەڵێن بەخوا زیاد لە ساڵێکە لەگەڵ یەکێکدا باسی زەواج دەکەین!!!.

یاخوود هەندێك لە گەنجەكان دەڵێن تەنها قسە لەنێوانماندا هەیەو هیچی تر، واتە خۆی شەرعێكی بۆ خۆی داناوە!! باشە ئەو قسانە دەبێت چی بێت؟ ئایا ئەگەر بە مۆبایلە دەتوانیت نیشانی باوكتی بدەیت؟! دەڵێت نەبەخوا نابێت، ئەی براو دایك و ئەوانی تر؟ ئەوانیش نابێت. ماوەیەك بەر لەئێستا كچێكی گەنج باسی گرفتی خۆی كرد بۆ من وتی:

من مارەبڕی كوڕێك بووم ویستم تاقی بكەمەوە، خاڵێكم هەبوو وتم نامەیە بۆ ژمارەی مۆبایلی ئەو كوڕەی دەزگیرانم بنووسە بزانە چی دەبێت؟ كە ئەم كوڕە بەناوی كچێكەوە نامەیەك دەنێرێت، ئەو كوڕەش وەڵام دەداتەوە و پەیوەندی دروست دەبێت و بڕێكی باش دۆلاریشی لێ وەردەگرێت، نزیكەی نۆ مانگ پەیوەندی نێوان ئەم دوو كوڕە بەردەوام دەبێت، تاسەرەنجام ئاشكرا دەبێت!! واتە ئەنجامی قسەكردنێك كەسێك پەلكێش دەكات بۆ دڵداریەكی وەهمی و خیانەت لەهاوسەرەكەی كە هێشتا نەیگوازتووەتەوە!! واتە سەرەنجامی قسەكردن كە هەندێك كەس وا دەزانن كە قسەكردن هیچ كاریگەریی نی‌یە.

بۆیە ئەگەر كۆنترۆڵەكە بەدەستی حەزو ئارەزووەكانی ئێمەدا بێت هەرگیز دەرگای دڵداری و پەیوەندی نادروست داناخەین لەخۆمان، چونكە پەیوەندی نادروست و دڵداری خۆشیەكە پەلكێشت دەكات بۆ ناخۆشی و گرفت و تەنگو چەڵەمەیەكی زۆر ناخۆشتر! ئەگەر هاتوو ئایین سنورێكت بۆ دانەنێت ئەو خۆشیانە سەرەنجامیان باش نابێت.

ئەوەی ناو نراوە بە (ڤالانتاین) كە بەداخەوە ئێمە زۆر بە هەڵە

تێگەشتووین لە (ڤالانتاین)، چونکە ئەو قەشەیەك بوو بانگەشەی پرۆسەی هاوسەرگیری کرد، لەکاتێکدا خەڵکی نەیاندەویست پرۆسەی هاوسەرگیری وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام بەقسەیان نەکردو (ڤالانتاین)یان کوشت، ئەو نیشانە سوورە واتا خوێنی ئەو کەئێستا بووە بەو گوڵە، ئێستاش لای خۆمان کاتێك باسی (ڤالانتاین) دەکرێت خەڵکی تەنها دڵداری لەبیرە، بێ ئەوەی بنچینەو ڕاستی چیرۆکەکە بزانیت.

بەرێزان لاتان سەیر نەبێت کە لە ڕۆژئاوادا کەسانێك بەدوای خۆشەویستیدا وێڵن، بەدوای کەسێکدا وێڵن کە خیانەتیان لێ نەکات و سوکنا بێت بۆیان، بەداخەوە دەستیان ناکەوێت، چونکە لەوێ بوو بە (گێڵ فرێند) واتە هاورێ ی کچ کە تەنها مەبەست لە شەهوەتبازی و ئارەزووبازییە، دوو یان سێ منداڵی دەبێت ئەنجا دەچنە کەنیسەو لە یەك مارە دەکرێن! خۆشەویستی هەر ناوی نییە! ئەو پەیوەندیە شەهوەتبازییەیان پێ خۆشترە، چونکە هیچ تەکلیفەیەکی تێدا نییە، مەگەر جاربەجار دیاری بۆ یەکتری بکرن، بەڵام هەرچی قسەی سۆزداری و عاتیفی ڕەنگاوڕەنگ هەیە بۆ یەکتری دەکەن، بەڵام لەیەك ئارام نابن، چونکە خاسیەتی گوناه بەو جۆرەیە خاوەنەکەی هەست بەئارامی ناکات، هەر خۆی ئەنجامدانی گوناه سزایەکی تایبەتی بەدوادا دێت، خوای گەورە ڕێگەی خۆشەویستیت لێ ناگرێت بەڵام بۆت دەستنیشان دەکات و سەرچاوەکەیت بۆ ئاشکرا دەکات، بەڵام بێجگە لەخوا دەیەوێت خۆشەویستیت لێ تێك بدات، هەر یەکە لەئێمە

ئەزموونی کەسێکمان لا هەیە کە بەهۆی دڵداری و خۆشەویستی نادروستەوە تووشی چ گرفتێك بووە؟! ڕێژەیەکی زۆری خۆسووتاندن ئەنجامەکەی ئەو دیاردەی پەیوەندی نادروستەیە، یان کچەکە بۆ کوڕەکە نەبووە، یان کوڕەکە وازی لەو کچە هێناوەو خیانەتی لێ کردووە، خۆشتان دەزانن کە تەنها کچان دەبنە قوربانی ئەو دیاردانە چونکە مەوقیفی ناسکترە بەهۆی ئەوەی وڵاتی ئێمە بەجۆرێکی جیاواز لە کچان و کوڕان دەڕوانن، کچان داواکراون و گرفتیان زیاترە، بۆیە هەمیشە کچان دەبنە قوربانی، وەکو میوەیەك کە لەپەلکەکەی خۆی دەکەیتەوە هەر تەنها ماوەیەك بەجوانی دەمێنێتەوە دوای دەپوکێتەوەو بەکار نامێنێت، بەڵام ئەگەر ئەو میوەیە بەپەلکی خۆیەوە مایەوە بەجوانی دەمێنێتەوە.



ڕێگای دووەم:

بریتیە لە ڕێگەی نادروست کەناونراوە بە دڵداری، واتە پەیوەندی پێش هاوسەرگیری، پرسیارێك لەخۆما بکەین، کێ لە پیاوان و کوڕان ڕێگە بەخۆی دەدات بەکچەکەی بڵێت یان بەخوشکەکەی بڵێت ئەگەر چووی بۆ زانکۆ یەکەم کارێك کە دەیکەیت ئەوەیە کوڕێك بۆ خۆت هەڵبژێرەو بیکەرە دڵداری خۆت؟! کێ بەمە ڕازی بێت؟!.

هەندێك کەس دەڵێن خۆشەویستی بەر لە گواستنەوە بۆ حەرام دەبێت؟ خۆ تەنها هەر قسەیەو هیچی تر، پەنجەی بەری نەکەوتووە، هەرچەندە ئەوە باشترە لەوەی کە هەندێك کەس بەناوی خۆشەویستی کاری نابەجێ دەکەن، بەڵام سەر دەکێشێت بۆ شتی تر، ئایا ئەو ماوەیەی کە ناونراوە ماوەی

دڵداری ساڵێکه یان زیاتره ماوەیەکە تا چەندێك ڕێگا پێدراوە؟ کچی وا هەیە دەڵێت دایکم و باوکم دەزانن کەمن کەسێکم خۆش دەوێت، بەڵام ئایا دایکت و باوکت دەزانن باسی چی دەکەن؟

کێ هەیە بەوە ڕازی بێت خوشکی یان کچی خۆی سەرقاڵی دڵداری بێت؟ زۆر سەیرە بۆ خۆی حەڵاڵی دەکات بەڵام بۆ خوشك و کچی خۆی ڕازی نابێت، کەواتە کارەکە گرفتی هەیە، کەسانێك هەن دەڵێن ئاساییە خوشکەکەمان و کچەکەمان خۆشەویستی بکات، بەڵام تا چەندێك؟ خۆشی نازانێت، جاران ئەگەر تەنها لە زانکۆو پەیمانگاکاندا خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕ هەبوایە، ئەوە ئێستا لەو قۆناغانەش هاتۆتە خوارەوەو لە قۆناغەکانی ئامادەیی و ناوەندی و تەنانەت سەرەتایی ئەو دیاردەیە هەیەو بەبێ ئەوەی لە واتاکانی خۆشەویستی بگەن نامە بۆ یەکتری ڕەوانە دەکەن و داوای پەیوەندی خۆشەویستی دەکەن لەیەکتری، زۆربەشیان دووچاری گرفتی کۆمەڵایەتی دەبن لەلایەن کەس و کارەکانیانەوە، چەندین مامۆستا ئەم دیاردانەیان بینیووەو باسیان کردووە، ئاخر چۆن ئەو حاڵەتە پەرە ناسێنێت کە میللەتێکیان سەرقاڵی جلی سوور و گوڵی سوور کردووە؟!.

یەکێك لە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕوداوێکی بۆ باس کردم زۆر ئازاری دام، وتی ڕۆژێك لە بنکەیەکی پۆلیس کچ و کوڕێکیان هێناو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا، ئەم دووانە لەئەنجامی ئەو پەیوەندی دڵداریەیە کە هەیانبووە گەشتبوونە کاری خراپ! کوڕەکە زۆر بەلەخۆ بایی

بوونەوە وتی: بەلامەوە زۆر ئاساییە تائێستا هەمان کارم لەگەڵ چەندین کچ و ژنی تردا کردووە، چونکە لەم نێوەندەدا تەنها کچە دەدۆڕێت بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندیەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، ئەمە چۆن ئەم کچە تەسلیمی تۆ بووە؟ دەڵێ هەر بە تەنها نامەیەك!!! بە وتەیەکی سەرنج ڕاکێش بە وتنی بەقوربان و بەساقەو تۆ زۆر جوانیت و تۆ زۆر ڕێك و پێکیت و لەم وتانە، ئەم توێژەرە کۆمەڵایەتیە دەڵێت هێشتا لێکۆڵینەوەمان تەواو نەکردبوو لەگەڵ ئەم دووانەدا، دوو کەسی تریان هێنا، واتە کچ و کوڕێکی تریان هێنا، ئەوانیش هەمان حاڵەت بوو کوڕەکە کاری خراپی لەگەڵ کچەکەدا ئەنجامدا بوو، بەلاَم لەهەمووی سەیر تر ئەوە بوو کچی دووەم کەهێنایان خوشکی کوڕی یەکەم بوو!! چەندە گرفتێکی گەورەو ئابڕوو چونێکی بێ سنوورە؟!! هەربۆیە ئەو کوڕە کە خوشکەکەی خۆی بینی بەو حاڵەتەوە، پەلاماری دەمانچەی پۆلیسەکە دەدات و فیشەکێك دەنێتە سەری خۆیەوەو خۆی دەکوژێت، تەماشا بکەن سەرەتا بە لەخۆبایی بوونەوە دەڵێت لەگەڵ چەندین کەسی تردا هەمان کارم کردووە، بۆ خۆی ئاساییە، بەلاَم بۆ خوشکەکەی ڕازی نابێت و ناچار کە دەزانێت خوشکەکەی ئەو جۆرە پەیوەندیەی هەیە خۆی دەکوژێت!.

بەداخەوە کەسانی بەناو ڕۆشنبیر و نووسەرو دەستەلاَت کە ڕێگا بۆ ئەم پەیوەندیانە خۆش دەکەن نازانن سەرەنجامی ئەم پەیوەندیانە بەچی دەگات؟ دڵنیابن لەوەی کە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو پێشکەوتوو پێویست بەوە دەکات پەیوەندیەکان ڕێك بخرێت و

گەنجەکان بەبنچینەیەکی پاك و بەردی بناغەی دڵسۆزی و خۆشەویستی ڕاستەقینە دامەزراو بکرێت:﴿أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنَ اللّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىَ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾التوبة/109.

ئەوانەی کە دەڵێن ئاسایە دڵداری پێش پرۆسەی هاوسەرگیری هەبێت، باشە لە چ تەمەنێکدا هەبێت؟ گریمان لە یەکەمین ساڵی قۆناغی زانکۆدا بێت، کە لە سەدا سەد دەزانیت لەو ساڵەدا تۆ بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیری ناکەیتەوە، چونکە خۆت ئەوە باش دەزانیت کە دەبێت زانکۆ تەواو بکەیت ئەنجا هاوسەرگیری ئەنجام بدەیت، ئیتر بۆچی دەستی ئەم کچە دەبڕیت، یان دەستی ئەم کوڕە دەبڕیت و دەیکەیتە کەپڵی خۆت؟ ئەمە جۆرێکە لەستەم کەلەیەکتری دەکرێت،کەلەم نێوەندەدا زیان لێکەوتووی سەرەکی تەنها کچەکەیە، بۆیە ئەگەر بەنیازی پرۆسەی هاوسەر گیری نیت ئیتر بۆچی بیری خۆت سەرقاڵ دەکەیت، بۆچی خۆت دەخەیتە داوی پەیوەندی کەسێك کەنازانرێت لەو ماوەی چوار ساڵەدا چارەنووستان چی دەبێت، هەندێك لەو کەسانە دەڵێن ئەگەر هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی خۆشەویستی دروست نەکەین یەکێکی تر دەیبات بۆ خۆی!.

کەواتە ئەگەر ویستت ئەو کەسەی دەست نیشانت کردووە لەدەستت دەرنەچێت، دوو ڕێگە هەیە، یەکەمیان ئەگەر دەتوانیت مارەی بکەیت و توانای ماڵی و گوزەرانت هەیە پێی بڵێ کە من ڕەوشت وئاکاری تۆم بەدڵەو وە خۆشم دەوێیت بەڕاستی و دەمەوێت بێمە داوای تۆ و ژیانی

هاوسەری دروست بکەین، کەسانێك ئەم وشانە بەکار ناهێنن و ستەمیان لە خۆشەویستی کردووە، کە بەناوی هاوسەرگیری خۆشەویستی و دڵداری ئەنجام دەدات و دواتر بەڕاست نەبووە، من زۆرجار ئەو قسەیەم کردووە کە کوڕێك چەندێك کچێکی خۆش دەوێت، دەبێت چەندێك پارێزگاری لە خوشکی خۆی دەکات و دەیەوێت سومعەو ناوی ئەو خوشکەی بپارێزێت بەهەمان شێوەش دەبێت ناووناوبانگی ئەو کچەش بپارێزێت، چی بۆ خوشکەکەی پێ خۆشە بۆ ئەو کچەش بەهەمان شێوە بێت، بۆیە ئەگەر بە نیازی هاوسەرگیری خۆشەویستی دەکەیت فەرموو بچۆرە داوای ئەو کەسەو مەردانە بچۆرە ئەو مەیدانە.

چەند کچ و کوڕ دەتوانن بەیەکتری بڵێن ئێمە یەکترمان بەدڵە، بەڵام تا ئەو کاتەی کە دەبینە هاوسەری یەکتری من و تۆ وەکو خوشك و برا وا دەبین! چونکە دەگونجێت ئەو کارە نەگونجێت و نەبنە هاوسەری یەکتری، ئەوکاتە هیچ کامیان خۆیان بەدۆڕاو نازانن و خۆیان بەوە نازانن کە فێڵیان لێ کرا بێت.

باشە تا چەندە ئەم پەیوەندیە بەردەوام بێت؟ بەرێزەکانم کەسی وادەزانم ئافرەتێکە لە ساڵی 1989وە تا ئێستا کە ساڵی 2009یە چاوەڕوانی کوڕێکە! کوڕەکە ژنی هێناوەو چوار منداڵی هەیە، کەچی ئەم ئافرەتە هەر چاوەڕوانە، کە زانی هەر هیچ سوودێکی نابێت کچەکە شووی کرد دوای نزیکەی بیست ساڵ! باشە پرسیار لەو کەسە بکرێت بۆ گەنجێتی خۆتت فەوتاند؟ دەیووت ناتوانم واز بهێنم لەو کەسەو دڵم بەوەوە

پەیوەست بووە، یان کوڕان و کچانی ئێمە دەڵێن بەدەستی خۆمان نییە و ناتوانین واز لە یەکتری بهێنین، چونکە کارەکە سۆزدارییە ناتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت، من هەندێك ئاماری مەیدانیم کردووە بە گوێرەی ئەو تێکەڵاوییەم لەگەڵ گەنجاندا و ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنانەی کە بۆ من دێت و ئەو کەسانەی کە باسی خۆیان بۆ من دەکەن، بەبێ ئەوەی پشت ببەستم بە ئاماری هەندێك بڵاوکراوە چونکە زۆر دروست دەرناچێت، کە بەداخەوە لە40٪ ئەو پەیوەندیانەی کە دڵداری یەو هەیە، تەنها کچان و کوڕان نین، بەڵکو پیاوان و ژنانن! وە لەنیوەی ئەوەش زیاتر پیاوانن خیانەتی هاوسەرگیری دەکەن،چونکە ژنەکەی خۆی بەدڵ نییە بەهەر هۆکارێك بێت، ئەو کەسانەی کە لەکاتی



گەنجێتیدا خۆیان لەگەڵ دڵداری و پەیوەندی نادروست بەسەر برد، لەکاتی هاوسەرداریشدا بۆیان تەرك ناکرێت و هەر بەردەوان دەبن، وە هەر لەو ئامارەدا لە 80٪ ئەو کەسانە کە بەدڵداری گەشتوون بەیەك دواتر لەیەك جیا بوونەتەوە، یان هەر نەگەشتوون بەئەنجام، وە لە 70٪ بەخیانەتی هاوسەری تەواو بووە یان هەر بەو خیانەتە بەردەوامە.

کەسێك ئەگەر حساب بۆ تاوانی یەکەم نەکات کە دڵداری و پەیوەندی نادروستە، ئەوە گوێ بە تاوانی دووەم و سێیەمیش نادات کە سەری لەخیانەتەوە دەردەچێت، شەیتان ڕۆڵی گەورە دەبینێت لەو نێوەندەدا، هەربۆیە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:هەرکاتێك کچ و کوڕێك بەیەکەوە دانیشتن شەیتان دەبێتە سێیەم کەسیان! تەنانەت

ئەگەر ئەو دانیشتنەش بۆ قورئان خوێندنیش بێت!.

کچێکی زانکۆ جارێك بۆی گێڕامەوە کە ماوەی سێ ساڵ حەزم بە کوڕێك دەکردو زۆرم خۆش دەویست، سێ ساڵ هەموو جۆرە نامەو کورتە نامەی مۆبایل کە باس لە عیشق و خۆشەویستی دەکرد لە نێوانماندا هەبووە، ڕۆژێك بەیەکەوە لەکافتریای زانکۆ بەیەکەوە دانیشتبووین کوڕەکە ڕۆشت بۆ ئەوەی شتێك بهێنێت بیخۆین، بەڵام مۆبایلەکەی نەبرد، منیش هەر بۆ خۆشی تەماشای مۆبایلەکەم کرد، تەماشا دەکەم هەر ئەو نامانەی کەمن بۆم دەنارد هەمان نامەی بۆ کچێکی تریش ناردووە!! ئیتر تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟ چونکە هیچ گرێ بەستێك لەنێوان ئێوەدا نی‌یە، وە کچەکە بۆی نابێت گلەیی لەو کوڕە بکات، یان ئەو کوڕە گلەیی لەو کچە بکات،



چونکە پەیوەندیەکانیان تەنها دڵداری بووەو هیچی تر، ئەی تەماشا ناکەن ئەو شریتانەی ئێستا لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە دەڕوات باسی چی دەکات؟! هەندێ شتی وا دەنوسرێت کە شەرم دەکرێت بخوێنرێتەوە ئەوەندە سوکایەتی بەکەسایەتی کچان دەکرێت و ئەوەندە بەگاڵتەوە باسی یەکتری دەکرێت، ئەوەندە بەبێ حورمەتی باسی خۆشەویستی دەکەن! کە بەراستی حەیفە شیرازەی خێزان بەو جۆرە تێك بچێت، چونکە خێزان زۆر لەوە گەورەترە کە بۆ هەوەس بازی و پەیوەندی نادروست تەماشا بکرێت.

خوای گەورە ئەو حەزەی داوە بەمرۆڤەکان بەڵام دەبێت لەشوێنی خۆیدا و لەکاتی خۆیدا کاری پێ بکرێت﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ﴾.

زۆرجاران گلەیی لەمن کراوە کە من خۆشەویستیم حەرام کردووە، بەڵام من هیچ کاتێك شتی وام نەوتووە ئێمە دەڵێین دڵداری کردن و پەیوەندی ناشەرعی حەرامە، بەڵام ئەوانەی ئەو پەیوەندیانە بەحەلاڵ و بەئاسایی دەزانن ئیتر نازانم ئەوانەی کە بانگەشەی ئەم پەیوەندیانە دەکەن بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە نادەنەوەو چارەسەریان چی دەبێت بۆ ئەو هەموو گرفتانە؟.

ئەو ماوەی کە کوڕان و کچان ناویان ناوە ماوەی دڵداری و پەیوەندی کردن ماوەیەکە زۆر گرفتاوی، هەریەکەیان بەگومانە لەوی دیکەیان لە ترسی دڵ گۆڕین، وە خەفەت خواردن لە سەرەنجام و ترسان لەوەی کە لەیەك جودا ببنەوەو کەسێك بە نهێنی ئەوان بزانێت و سەدان کۆسپی دیکە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە دەڵێن بەخوا ئێمە بەپاکی دڵداری دەکەین بزانن چەندە لە دڵە ڕاوکێ و دوودڵی و گومانی خراپدا دەژین؟ کەواتە کچێك یان کوڕێك بۆچی لەسەرەتای خوێندندا خۆی دەخاتە بەر ئەم گرفتانەوە؟.

خاڵێکی تری ئەم پەیوەندیانە و ئەم دڵداری کردنە بریتییە لە ترس، بەتایبەتی لەلایەن کچانەوە، وەلەلایەن کوڕانەوە ئەو ترسە هەیە ئەگەر هەستی کرد ماڵی کچەکە بەو پەیوەندیەیان زانیوە، ئەم ترسەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، ترسێك لەوەی ئەم دڵداریکردن و پەیوەندیکردنە سەر نەگرێت، وەترسێك لەوەی کە کەس و کاری هەردولا بەوە بزانن، تەماشا بکەن کە چەندە قورسە ئەو حاڵەتە؟!.

ئەگەر ئێمە خۆمان وا دابنێین کە باوکین یان دایکین، ئایا وەکو دایك و باوکێك ڕازیت بەوەی

کچەکەت یان کوڕەکەت هەر ڕۆژەی لەگەڵ کەسێکدا بێت و هەر ڕۆژەی لە پارکێك و شوێنێکدا ببینرێت؟! هەروەکو تۆ بۆ کچی خۆت ڕازی نابیت بەهەمان شێوەش خەڵکی بۆ کچی خۆیان ڕازی نابن، بۆیە ئەوەی کە ڕوودەدات بەر لەهەر کەسێك تۆ لەناخی خۆتدا هەستت کردووە بەوەی کە خیانەتێکت ئەنجام داوە.

ئەم وتانە بەرێزەکانم دیارە بەدڵی هەندێك لەچەپ و کەسانێك نین وەکو ئەوەی ماوەیەك بەر لەئێستا یەکێك لە ڕۆژنامەکان باسی منی کردووە دەڵێت: مەلایەکی بۆینباخ لەمل!! (کەمن خۆم مەلا نیم)،دەڵێت خۆشەویستی و پەیوەندی حەرامەو مۆبایل حەرامەو ئەمانە لە ئێستا ناژین و هەندێك شتی تر! بەلاّم بەڕاستی کەسی ژیر ئەو کەسەیە کە پەند لە دەورووبەری خۆی و لە شارستانیەکان و ئەزموونەکان وەربگرێت، بەلاّم ئەو کەسانەش ناتوانن چارەسەرێك دابنێن بۆ گرفتی لاوان و ئەو کەسانەی کە خۆیان ون کردووە، ئایا ئەو درامانەی کە نیشان دەدرێن چارەسەرە یان ئەو شیعرانەی کە بلاّودەکرێنەوە، یان ئەو کلیپانەی کە تەنها مەبەست لەوانە هاندانی کچان و کوڕانە بۆ هەندێك لەو پەیوەندیانەی کە دەرەنجامەکانیان بەخراپی دەشکێتەوە.

حاڵەتێکی تر ڕوودەدات لە کاتی پەیوەندی و دڵداری کردندا ئەویش درۆ کردنە! چەندین درۆ لەگەڵ یەکتری دەکرێت و لەگەڵ دایك و باوك و برا و خوشك و دەورووبەر درۆ دەکرێت،دایك و باوك بەکچەکەیان دەڵێن ئەوە بۆ دوا کەوتویت لە هاتنەوەت؟ ئەویش دەبێت درۆیەك بدۆزێتەوە دەڵێت وانەی زیادەمان هەبوو، یان هەر درۆیەکی تر، بەلاّم لە

ڕاستیدا وانەبووە بەڵکو لەپیاسەو گەڕان بووە، دەیەوێت بەو درۆیە پینەو پەڕۆی ئەو پەیوەندیە بکات.

هەروەها پەشیمان بوونەوە ڕوو دەدات لەو نێوانەدا، وە ناو زڕان ڕوو دەدات لەو پەیوەندییانە، کێ لەگەنجان ڕازی دەبێت کچێك بکاتە هاوسەری خۆی ئەگەر بزانێت کاتی خۆی ئەم کچە کەدەبێتە هاوسەری کاتی خۆی دڵداری لەگەڵ کەسێکی تردا کردووە؟! واتە ناوی زڕاوە و لەکەداربووە بەرامبەر بە هاوسەرەکەی، پێشینان وتوویانە (چاوت دەربچێت بەڵام ناوت دەرنەچێت)، زۆر گرنگە ناوو سومعەی خۆت بپارێزیت! جوانی و گەورەیی و کەسایەتی بەرزی هەر کچێك زیاتر پەیوەستە بەو ناوو سومعەی کە دەیپارێزێت، وەکو وتمان لە کۆمەڵگەی کوردی ئێمەدا بەداخەوە تەنها هەر کچان دەبنە قوربانی ئەو گرفت و ناوزڕاندنە، وە لەلایەکی ترەوە کوڕان و پیاوان دڵ ڕەقترن، بەڵام کچان زۆر ناسکن لەبەرامبەر ئەو گرفتانەو هەر زوو دەڕوخێن، زۆرجار پەنا دەبنە بەر خۆ سوتاندن.

خوای گەورە بەندەکانی خۆی خۆش دەوێت، دەیەوێت بەندەکانی لەخۆشیدا بژین، وە ئەنجامدانی گوناه و تاوان هیچ تەوفیقاتی خوایی لەگەڵدا نابێت، لەوە دڵنیابین کە هەرکەسێك لەناو گوناهدا بژی هیچ کاتێك ئاسوودە نابێت، گوناه و تاوان واتە ئەنجامدانی کارێك کە خوا ڕازی لێی نییە، وەهەموو گوناهێك سزای تایبەتی خۆی هەیە، کەواتە بۆچی بچینە ناو تاوانێکەوە بەدەستی خۆمان تاوانێك ئەنجام بدەین دوایی نەتوانین دەربچین و خۆمان ڕزگار بکەین.

دەرەنجامێکی تری ئەو پەیوەندیە ناشەرعیانە ئەوەیە کە خۆ کوشتن و خۆسوتاندنی بەدوادا دێت، ماوەیەك بەرلەئێستا لە پرسەیەکی ژناندا وەکو دەزانن پرسەی ژنان لەناو کۆلاَندایە، ئافرەتێك لەبەردەم پەسەکەدا گڕ لەخۆی بەردەدات و خۆی دەسوتێنێت!! بۆچی؟ وتیان ئەو کچە ئەم کوڕەی خۆش ویستووە کە مردووە! دەبێت چەند حاڵەتی لەو جۆرە هەبێت؟ چونکە کچ زۆر بەرگەی دابڕن ناگرێت، وەکو کوڕان نین کوڕان دەتوانن خۆیان بگرن، لەوەشدا کچان دەبنەوە قوربانی، بۆیە داوا دەکەم بەتایبەتی کچان و خوشکان کە هەرگیز بیر لەوە نەکەنەوە کە قیامەتی خۆیان بکەنە قوربانی کوڕێك بەناوی دڵداریەوە، کوڕێك کە تۆ دڵنیا نیت لەوەی کە ئایا بەڕاستی تۆی خۆش دەوێت، ئیتر بۆچی خۆتی بۆ دەکەیتە قوربانی و قیامەتی خۆتی بۆ دەدۆڕێنیت و ناوو نازناوی خۆت و بنەماڵەکەتی بۆ لەکەدار دەکەیت؟ یان ئەگەر کوڕەکە کچکەی لەدەست چوو هەندێك جار ئەوەش ڕوو دەدات کە کوڕەکە بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە!.

ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدات ئەوە بۆ ئەوەیە کە ئێمە سوودی لێ وەربگرین، لە دەورووبەرماندا زۆر چیرۆکی ترسناك هەیە کە دەرەنجامی ئەو حاڵەتەیە، ژنێك گێڕایەوە دەڵێت برای مێردەکەم سوێندی خواردووە ئەگەر خۆت بەتەلاَقدان نەدەیت من خۆم دەکوژم! زۆر سەیرە پەیوەندی نادروست دەگاتە چ ئاستێك!!.

شەیتان ئەو کاری خۆیەتی کە کارەکەت پێ ئەنجام دەدات، دڵداریەکەت بۆ ئاسان دەکات، بۆت ڕێکدەخات، تاوەکو بەیەك

دەگەن، هەتاوەکو ئەگەر زانیان بەیەك ناگەن شەیتان واز ناهێنێت یەکەم بیرێك کە شەیتان بۆت دەست نیشان دەکات بریتی دەبێت لە بیری خۆکوشتن!

هەربۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە رێکخستن هەیە، پێویستی بەجوانکردن هەیە، هیچ کاتێك لە پرۆسەی هاوسەرگیری مەترسن، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:(**لم نـر للمتحابين مثل النكاح**).

باشترین دەرمانی خۆشەویستی نیکاح و مارەبڕینە، ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرەﷺ، کەواتە بێجگە لە نیکاح هیچ دەرمانێکی تر نییە، کەواتە خۆتان دوامەخەن لە زەواج کردن، دەزانن مرۆڤ حەقی هەیە لەسەر پەروەردگار؟! باشە منێکی بەندەیەکی لاواز دەبێت چ حەقێکم لەسەر پەورەدگار هەیە؟! ئەوە فەرموودەیەکی پێغەمبەرﷺ بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموێت:

**(ثلاثة حق على الله أن يعينهم المجاهد في سبيل الله والناكح يريد أن يستعف والمكاتب يريد الأداء)**

سێ کەس هەیە کە حەقە لەسەر خوا یارمەتیان بدات، موجاهیدێك لەڕێگای خوادا، کەسێکی پاك دەیەوێت زەواج بکات، قەرزارێکیش بیەوێت قەرزەکەی بداتەوە، کەواتە کچ و کوڕێك خۆیان پاك ڕاگرن خوا حەقی کردووە لەسەر خۆی کە یارمەتیان بدات لەو کارەدا، پشتت بەخوا ببەستە خوا پشتت بەرنادات، داوای یارمەتی بکە خوا یارمەتیت دەدات.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلاَ مُتَّخِذَاتِ أَخْدَانٍ﴾ نەکەن خیانەت بکەن لەهاوسەرەکانتان، ئەمە پەیامێکە بۆ کچان و کوڕانیش.

حەز دەکەم ئەوە بزانن کە باسکردن لە (ڤالانتاین)لەزۆر شوێندا نییە وەکو ئەوەی لە

کوردستاندا ڕەواجی پێ دەدرێت، کە ڕاگەیاندن و قوتابی کچ و کوڕی پێوە سەرقاڵ بکەیت، بەرنامەی هەمەڕەنگی بۆ ئەنجام بدەیت و خەڵکی بۆ هان بدەیت، کەنازانم کچان و کوڕان چ قازانجێك دەکەن؟ من چوار ساڵ لە ڕۆژئاوا بووم نەمزانیووە کە ڕۆژی (ڤالانتاین) هەیە، لەوێ یادەکان تەعمیم ناکەن وەکو ئێرە، بەداخەوە دەبوو ڕۆژێك تەرخان بکرایە بۆ بواری پێشکەوتن و ئەوانەی کە سەرکەوتوو دەبن لە بوارێکداو ئاهەنگیان بۆ ساز بکرێت، بەڵام دیارە ئەوە ناکرێت وە دەبێت هەر برەو بەو یادانە بدەین کە تایبەت نیە بەئێمەوە، وەکو ئەوەی لە هیچمان کەم نیە تەنها (ڤالانتاین) نەبێت، ئەگەر ئەو مەراسیمە ئەنجام بدەین ئەو پێشکەوتنەو ڕوو لە ولاّتانی ڕۆژئاواییە! وا دەزانن ئەوەی کە گرنگی بەم ڕۆژە نەدات دواکەوتووە، نازانین پێشکەوتنی ئەوان لەو بوارەدا چی دەبێت؟ بێجگە لە سەرقاڵ بوون و خەفەت خواردن و دوا کەوتن لە وانەکان، نارازی بوون لە ژیانـدا، گەنجێك ماوەیەك بەرلەئێستا لە یەکێك لە ولاّتانی ئەورووپاوە تەلەفون دەکات کە داوای فلاّن کچی بۆ بکەن، دایکی کوڕەکەش ڕازی نابێت کوڕەکەش لەداخی دایکی خۆی دەخاتە ژێر هێڵی شەمەندەفەرەوەو خۆی دەکوژێت! ئیتر چۆن کاریگەری دروست ناکات ئەو حاڵەتانە؟!.

ئەم پەیوەندیانە هەوڵی گەنجەکانیش دەدات بەوەی کە دوور بکەونەوە لە دروست کردنی خێزان، کە ئێستا نەمانی خێزان بووە بە گرفتێکی گەورە لە ڕۆژئاوادا، دوایی متمانە نامێنێت لەنێواندا.

حاڵەتێکی تری پەیوەندی نادروست و دڵداری ئەوەیە کە

بەرۆکی ئەو کەسە بەرنادات، بەلاتانەوە سەیر نەبێت کەسێکی تەمەنی پەنجاو حەوت ساڵ بووە دەڵێت: کاتی خۆی دڵم بەکچێکەوە بووە و داوام کرد بەلاّم ڕازی نەبوون، ئێستا کە منداڵەکانم گەورە بوون و کچم شووی کردووە، ئەو کچە وەکو خۆی ماوەو هێشتا شووی نەکردووە، دەڵێت ئێستاش هەست ناکەم ژنم هێناوە چونکە دڵم هەرلای ئەوە!کەواتە زۆر کاریگەری دەبێت ئەگەر بۆماوەی چەندین ساڵیش بێت، وە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی دڵ پیسی لەلایەن هەردولاوە، هەروەکو چۆن هیچ ژنێك ڕازی نابێت بەوەی پیاوەکەی پەیوەندی تری هەبێت، وە هیچ پیاوێکیش ڕازی نابێت ژنەکەی پەیوەندی هەبێت بەکەسی ترەوە چونکە بەنارەوای دەزانێت، هەروەها بەهەمان شێوەش بۆ کچان و بۆ کوڕانیش نابێت ئەو پەیوەندیانە بەڕەوا بزانرێت.

لە کۆتایدا دەڵێم: ژیان بەبێ خۆشەویستی دروست نابێت، وە خێزانیش بەبێ خۆشەویستی دروست نابێت،بەلاّم خۆشەویستی لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بەمەبەستی پرۆژەیەکی دروست بێت، وە دڵداری و خۆشەویستی لەیەك جیا بکەینەوە، باڕۆژی خۆشەویستی هەبێت چونکە مرۆڤەکان دووچاری ڕق و کینە هاتوون، چەندین پیاو هەیە کە تا ئێستا بە ژنەکەی خۆی نەوتووە تۆم خۆش دەوێت، با لەو ڕۆژەدا هاوسەرەکان لە ژنان و پیاوەکان بەیکەوە پەیمانی خۆشەویستی بەیەك بدەن و بڵێن یەکترمان خۆش دەوێت لە چوار چێوەی ئەو خێزانەی کە دروستمان کردووە، ئەگەر خۆشەویستی نەزانیت واتای ئیمانیش نازانیت، ئەگەر خوات خۆش نەوێت

ئیمانت تەواو نابێت، ئەگەر مەخلوقاتی خوات خۆش نەوێت لە واتای ئیمان حاڵی نەبوویت، ئیتر بۆ هەر دەبێت خۆشەویستی ئەوە بێت هەندێك كەسی شەهوەتباز پێناسەی بكەن! نەخێر واتای خۆشەویستی ڕاستەقینە لای تۆی ئیماندارە.

كاتی خۆی (عەمری كوڕی عاص) كە ڕزگاركاری وڵاتی میسرەو پاڵەوانێك بووە، كاتێك دەگەڕێتەوە دەچێتە مزگەوت و لای پێغەمبەرەوەﷺ دادەنیشێت و دەڵێت، ئەی پێغەمبەر خوا كێت زۆر خۆش دەوێت؟ دیارە عەمر چاوەڕوانی ئەوەی كردووە كە بڵێت تۆم خۆش دەوێت، بەڵام پێغەمبەرﷺ لەناو ئەو كۆمەڵە زۆرەی هاوەڵانداو لەناو مزگەوتدا دەفەرموێت (عائیشە)م زۆر زۆر خۆش دەوێت! ئەوەتا پێغەمبەرەكەمانﷺ فێری ئەو خۆشەویستیەمان دەكات.

جارێكی دیكە پێغەمبەرﷺ دەنگی ژنێكی پیر دەبیستێت، دەفەرموێت ئەو دەنگە لە دەنگی خەدیجە دەچێت، كێ بوو ئەو ژنە؟ ئەو ژنە خوشكی خاتوو خەدیجەیە، دوای چەندین ساڵ لە كۆچی دوایی خەدیجە خۆشەویستی لەدڵی پێغەمبەرداﷺهەر دەمێنێتەوە، بانگی ئەو ژنە دەكات لای خۆی و دەست دەكات بەگریان چونكە بیری خەدیجەی كردەوە!! ئەوە وەفاو خۆشەویستی پێغەمبەرەﷺ.

هیوادارم بەپاك و بێگەردی بژین و هەوڵی ئەوە بدەین بەجوانی لە واتای خۆشەویستی بگەین، وە خۆشەویستی باڵ بكێشێت بەسەر یەكە یەكەی تاكەكانی كۆمەڵگادا، وە ئەو ماڵەی كە دروستی دەكەین و ئەو هاوسەرداریەی كە دەمانەوێت دروستی بكەین بەخۆشەویستی بێت، نەك بەرێگەی نادروست و

**ناشەرعی کە دەبێتە هۆکاری ئـەو دیاردانـــەی کـــە باسمـــان کـــرد بەپشتیوانی خوای گەورە هەمووان لەو گرفتانە بەدوور دەبن..**